فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان سەرکایەتی دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئاسایشی نیشتمانی دەکات



سەرکی ئەنجومەنی وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، محەمەد شیاع سودانی، ئەوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی ئاسایشی نیشتمانی کرد.

یەحیا ڕەسوڵ وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردووە:- لە کۆبونەوەکە گفتوگۆ لەسەر پێشهاتەکانی بارودۆخی ئاسایشی وڵات و هەوڵەکانی هێزە ئەمنییەکان کرا لە ڕووبەڕووبوونەوەی پاشماوەکانی تیرۆریستانی داعش و ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی ڕەکخراو و تاوانی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبڕەکانەوە، هەروەها باس لە بابەتەکانی بەرنامەی کار و گرتنبەری بڕیار و ئاراستەی پێویست سەبارەت بەو بابەتە کرا.

هەروەها ,,ئەنجامدانی یەکەم و گرنگترین قۆناغەکانی پڕۆژەی یەکخستنەی داتای دادوەری تاوانکاری پێسندکرا، کە شەفافیەت دابین دەکات لە ماماڵەکانی دەست بەسەرکراوان و زیندانییەکان بە پێی ستاندارەکانی مافی مرۆڤ.

باسی لێوەکرد،، ئەنجومەنەکە پەداچوونەوەی بە لێکۆینەوە سەرتایییەکانی پڕۆژەی سیستەمی یەکگرتوو کرد بۆ ئۆتۆماتیککردن و تەواوکردنی مامۆکان، بۆ شۆوێک کە دنیابێت لە چارسەرە دیجیتاییە گونجاوەکان دوور لە پێشلکردنی ئاسایش.

فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان فەرمانی بە هەموو دەزگا ئەمنییەکان کرد کە ڕووشونێ ئەمنی و هەواگرییەکان زیاد بکەن، بەمەبەستی پتەوکردنی ئاسایش و دنیابوون لە سەقامگیری و گرنگی ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیانی عەراق لە ڕاستییەکان و ڕووداوەکان بە متمانە و شەفافیەتەوە.